وزارتی تندروستی داواکاریەک ئاراستەی دەرچووانی زانکۆ پزیشکییەکانی دەرەوەی عێراق دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە،وزارەتی تندروستی ڕێنمای لەبارەی دەرچوانی زانکۆ پزیشکییەکانی دەرەوەی عێراق دەردەکات کە ئارەزووی دامەزراندنیان هەیە.

وزارەتی تندروستی لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاند:-لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی "ساڵح مەهدی حەسناوی" وەزیری تندروستی ودەستبەرکردنی دەرفەتی کار بۆ (دەرچووانی زانکۆ دانپێدانراوەکانی غێرە عێراقی) لە کۆلێژەکانی (پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی) و (کۆلێژ و پێیمانگا تەکنیکیەکان) لە دەرچووانی پزیشکی بە ساڵی خوێندنی (2022-2023)کە ئارەزووی دامەزراندن دەکەن بە ستافی وزارەتەکەمان، پێویستە فۆرمی ئەلیکترۆنی پڕبکەنەوە،کە لەناو فۆرمەکەدا دەبێت ئاماژە بە تەماری زانیاری و خستنە رووی بڵگەنامەکان بکرێت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-دەرچووانی زانکۆ غێرە عێراقییەکان بە بەشی پزیشکی و تندروستیەکان ، دەبێت فۆرمی تەمارکردنی ئەلیکترۆنی پڕبکەنەوە و داتا و بڵگەنامە و زانیاری بخەنە روو.

بەیاننامەکەی وزارەتی تندروستی ئۆشی خستەروو:- پرکردنەوەی فۆرمەکە بە ماوەی (15) ڕۆژ بە کراوەیی دەمێنێتەوە.